



بەیان حمەعەلی
ناوبژیوان و راهێنەری لەشجوانی:

# لە پاڵەوانێتییەکاندا ئافرەت وەکو پیاو سپۆنسەر ناکرێت

لە کوردستان یارییەکانی لەشجوانی و زوومبا و ئایۆبیک بۆتە یەکێک لەو یارییانەی کە خانمان بە رێژەیەکی بەرچاو روو لەم یارییە دەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیای وەرزشییان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشێکی رێک، ئەم یارییە رۆژ لە دوای رۆژ لە پەرەسەندندایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران روو لە وەرزشەکە دەکەن، شاری سلێمانیش یەکێکە لەو شارانەی کە خانمان زیاتر روو لە وەرزشی زوومبا و ئایۆبیک دەکەن، یەکێک لەو ئافرەتە یاریزانانەش کە هەم یاریزانە و هەم راهێنەر (بەیان حەمەعەلی) کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٥ی دەربەندیخانە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم وەرزشە وەک گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** هاتنت بۆ ناو ئەم وەرزشە چۆن بوو؟**

-سەرەتا تەنیا یاریی ئایۆبیکم دەکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە هۆڵی لەشجوانی ئەو یارییەم دەکرد، ئارەزووم بۆ یاریی ئاسنیش زیادی کرد و زیاتر پەرەم بە یاریی ئاسندا.

*** ئایا ئەم وەرزشە تا رادەیەك بۆ خانمان قورس نییە؟**

- نەخێر، لەبەر ئەوەی مەیلم بۆ یارییەکە زۆر بوو، ئێستا بۆتە بەشێکی گرنگ لە ژیانم.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، هەڵگرتنی قورسیایی و لەشجوانی، لەکامەی سەرکەوتووتری؟**

- لە راستیدا جیاوازن، راستە هەردوو یارییەکە بە ئاسن دەکرێت، بەڵام بەرنامە و جۆری یارییەکان زۆر جیاوازن، لەبەر ئەوەی خاوەن هێزێکی باشم پێم خۆش بووە وەك ئافرەتێك منیش بەشداریی پاڵەوانێتییەکان بکەم، بەڵام خۆم زیاتر ئارەزووم لە یاریی لەشجوانییە.

***پێشوازیکردنی ئافرەتان لەم یارییە لە چ ئاستێکدایە؟**

- لەبەر ئەوەی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئافرەتان نوێیە، تا ئێستاش رووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبینەوە، بۆیە ئەوەی کە بەدەستمان هێناوە، ئاسان نەبووە.

***ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-سوپاس بۆ خوا لە ئێستادا زۆر باشە، یەکێتی لەشجوانیی سلێمانی و هەردوو یەکێتیی هێزی لەشی سلێمانی و کوردستان لە هەوڵی زۆردان بۆ ئەوەی ئافرەتانیش لەو بوارەدا پێش بکەون، سوپاسیان دەکەین.

*** بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

-پێویستە متمانەی تەواو بدەین بەم یارییە، چونکە بەداخەوە تا ئێستاش کەسانێکی زۆر بەهۆی ئەو یارییەوە ترسیان لە تێکچوونی جەستەیان هەیە، ئەوەش تەواو پێچەوانەیە، چونکە یاریی لەشجوانی بەدەر لەوەی لەشولارێکی رێك و جوانت پێ دەبەخشێت، بۆ یاریزانیش دەبێە هۆی تەندروستییەکی زۆر باش.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

- دەمەوێ کچانێك بهێنمە نێو پاڵەوانیەتییەکانەوە، چەندین جاریش لە رێگای ئەکاونتی خۆمەوە رامگەیاندووە هاوکاری هەر ئافرەتێك دەکەم کە بیەوێ بەشداری پاڵەوانێتی بکات، هەروەها بەنیازی دروستکردنی گرووپێکی پاسکیلسواریی کچان بووین، بەداخەوە هیچ لایەنێك هاوکارمان نییە، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بکەین لەم بوارەدا.

***تا ئێستا لە پاڵەوانیەتییەکان چ دەستکەوتێکت هەبووە و بۆ داهاتوو چاوت لە چییە؟**

- چەندین ئەنجامی شایستەم بەدەستهێناوە، لە ئێستادا لە رێگەی یەکێتی هێزی لەشی کوردستان خۆم بۆ پاڵەوانێتی ئێران ئامادە دەکەم، بەرنامەشم هەیە بەشداریی پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق بکەم.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- سوپاس بۆ خودای گەورە لەبەر هۆکاری کۆڵنەدانی ئێمە لە ئێستادا گرفتەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچن، بەڵام وەکو سپۆنسەر لە پاڵەوانیەتییەکاندا ئافرەت وەکو پیاو سپۆنسەر ناکرێت، هیوادارم ئەم جیاکارییەش نەمێنێت.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونم ئەوەیە بەشداریی پاڵەوانێتی دەرەوەی عێراق بکەم، هەروەها کەسانێك لە ئێمەوە فێر ببن و هاندەریان بین بۆ ئەوەی هەموو کات لەم یارییە ئافرەت بۆ پێشەوە ببەن.

***وەکو راهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان لە شارەکەتان دروست بکەی؟**

-بەهیوام ئافرەتان بێنە پێشەوە بە بێ دابڕان بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە دروست بکەین و هەموو کات ئامادەی پاڵەوانێتییەکان بن، من هەموو کات لە خزمەتی یاریزاناندام.

*** بۆ ئەم وەرزشە کێ هاوکاریت دەکات؟**

- رەنگە خانەوادەکەم لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر ئاستەنگیان بۆ دروست کردبم، بەڵام کاتێك دەستکەوتەکانم دەبینن، شانازیم پێوە دەکەن، منیش سوپاسیان دەکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاسی ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو دیمانەیە بەهیوای سەرکەوتنی بەردەوامتان.



# کاوە حەسۆ چاوی لە گەڕانەوەیە بۆ کوردستانە

کاوە حەسۆ گۆڵپارێزی پێشووی یانەی پێشمەرگەی هەولێرو هەڵبژاردەی تۆپی پێی سووریا کە وەکو تاکە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لە ریزی هەڵبژاردەکەی یاری دەکرد، لە دوای هاتنیشی بۆ باشووری کوردستان لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ چەند وەرزێك بەردەوام بوو لە پارێزگاریکردن لە گۆڵی یانەکە و چەندین نازناوی لەگەڵ یانەکەی پیرمام بەدەستهێنا، ئێستا لە خولی پلە دووی وڵاتی هۆڵەندا یاری دەکات، بەڵام چاوی لەوەیە ڕۆژێك بگەڕێتەوە کوردستان و یاری لە خولی نایابی کوردستان بکات، لەم بارەشەوە کاوە حەسۆ گۆڵپارێزی پێشووی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە دوای ڕۆیشتنم لە کوردستان و چوونم بۆ وڵاتی هۆڵەندا وەکو پەنابەرێك بەردەوام بووم لە وەرزشکردن و پارێزگاریم لە ئاستی خۆم کرد، هەرچەندە یانەی زۆر هەبوو بۆ ئەوەی من لەگەڵ ئەوان وەرزش بکەم، لە نێوان هەموو یانەکان لەگەڵ یانەی (Vitssa) ی پلە دووی خولی هۆڵەندی یاریم کرد و تاکو ئێستاش وەکو گۆڵپارێز لەگەڵیان بەردەوامم و ئاستیشم وەکو پێویستە.» گوتیشی: «هەرچەندە لەگەڵ ئەو یانەیە دڵخۆشم و هیچ گرفتێکم نییە، بەڵام دەمەوێ زیاتر ئاستی خۆم بەرەوپێش ببەم، زۆریش حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم، پەنا بەخوای گەورە دەگەڕێمەوە کوردستان و خزمەت بە وەرزشی کوردستانیش دەکەم، بێگومان وەرزشکردنیش لە وڵاتێکی وەکو هۆڵەندا بۆ من کارێکی وا ئاسان نییە، دەمەوێ وەکو کوردێك جێ دەستی خۆم پێشانی هەموو لایەك بدەم.»



# دوو یاریزانی کورد لە بێشکتاش چاودێری دەکرێن

وەرزشکارانی بەهرەمەندی کورد هەمیشە لە دەرەوەی کوردستان چاوی زۆربەی یانەکانیان لەسەرە بۆ ئەوەی پەڵکێشی ریزی یانەکانی خۆیان بکەن و سوود لە تواناکانیان وەربگرن، ئەکادیمیای یانەی بێشکتاشی تورکی یەکێکە لەو ئەکادیمیانەی کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری یاریزان ئامادە دەکات، لە رێگەی راهێنەرەکانیان پەرە بەتواناکانیان دەدەن، دوو یاریزانی بەهرەمەندی کوردی دانیشتووی شاری هەولێر کە لەگەڵ خانەوادەکەیان ماوەی دوو ساڵە لە وڵاتی تورکیا دەژین، ئێستا لەلایەن ئەو یانە تورکییە چاودێری دەکرێن بۆ گەیشتن بە لوتکە، لەم بارەشەوە ئەبووبەکر کاوانی باوکی ئادەم و ئەدهەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ماوەی دوو ساڵە لە وڵاتی تورکیا دەژین لە شاری سامسون، خۆیشم هەمیشە حەزم لە وەرزش بووە، بەتایبەتی تۆپی پێ، ئێستاش دانەبڕاوم و بەردەوام وەرزش دەکەم، دوو کوڕەکەشم ئادەم و ئەدهەم زۆر حەزیان لە تۆپی پێیە و لە ئەکادیمیای بێشکتاشن، لە رووی ئاستەوە زوو خۆیان گونجاندووە و ئادەم گۆڵکاری ئەکادیمیای بێشکتاشە لە خولی لیگای منداڵان، هەموو منداڵێك دەبێ مانگانە بڕی ١٦لیرەی تورکی بدات، تەنیا ئێمە پارە نادەین، چونکە راهێنەرەکەیان زۆر ئادەم و ئەدهەمیان بەدڵە و خۆشی دەوێن، تاوەکو بیر لە شوێنی تر نەکەنەوە، زۆر جار راهێنەرەکەیان دەڵێت حەز دەکەم ئادەم لە پێش چاوی خۆم گەورە بێت تا لە پێکهاتەی یەکەمی بێشکتاش بیبینم.» گوتیشی: «لە تورکیا زۆر گرنگی بە توانای منداڵان دەدرێت، هیوادارم لە کوردستانیش بەم شێوەیە بێت، بەهۆی یاریکردنی ئادەمی کوڕم لە خولی لیگای منداڵان کە سوپەر مینی مینیکلاری پێ دەڵێن، راگەیاندنەکان گرنگیی زۆریان پێ داوین، هیوادارم کوڕەکانم لە تیپە گەورەکانی ئەورووپا داوا بکرێن.»



# فێرگەی قەڵادزێ گرفتی نەبوونی یاریگایان هەیە

فێرگەی تۆپی پێی منداڵانی قەڵادزێ ماوەی حەوت ساڵە لە قەڵادزێی سەر بە پارێزگای سلێمانی کراوەتەوە، لەم ماوەیەشدا چەندین منداڵی بەهرەمەند لەم فێرگەیە مەشقیان ئەنجامداوە و سوودی زۆریان بینیوە، هەر لەم بارەشەوە ژینگە محەمەد راهێنەری فێرگەی قەڵادزێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم فێرگەیە ماوەی حەوت ساڵە کراوەتەوە و تا ئێستا درێژەمان داوە بە بەرنامەکەمان کە بریتییە لە پەروەردەکردنی یاریزان بە شێوەیەکی رێکوپێك، ئینجا فێرکردنیان بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، بەرهەمی چەند ساڵی رابردووشمان هەیە، بۆ نموونە چەندین یاریزانمان ئێستا لە ریزی تازەپێگەیشتووانی یانە و هەڵبژاردەی شارەکەمان و تیپە میللییەکان یاری دەکەن، پێشتریش کچەکانمان یارییان بۆ یانەی قەڵادزێ دەکرد.» لە بارەی ژمارەی یاریزانانیش گوتی: «بەردەوام نزیکەی ١٢٠ یاریزانمان هەیە، بەڵام هاوینان رێژەی فێرخوازان بەرزترە لەچاو وەرزەکانی دی، ئەمەش بەهۆی پشووی هاوینی قوتابخانەکانە، بەگشتی لەئێستادا رێژەی کچانمان کەمترە.» لەبارەی گرفتەکانیشیان گوتی: «گرفتەکانی فێرگە نەبوونی یاریگای تایبەت بەخۆمانە، ئەوەش وایکردووە کە هەفتانە تەنیا یەك رۆژ مەشقەکانمان ئەنجام بدەین، هەروەها شوێن و ژووری تایبەت بە فێرگەمان زۆر بچووکە، تەنیا لە یەك ژوور پێکدی کە کەلوپەل و پێداویستییەکانمان تێدا داناوە. نەبوونی سەرچاوەیەکی داراییش گرفتە، بێگومان هیچ شتێك بەبێ لایەنی ماددی بەڕێوەناچێ، بەتایبەت فێرگە کە پێویستیی زۆری بە تۆپ و کەلوپەلی راهێنان و خواردن و خواردنەوە هەیە بۆ منداڵەکان، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرجاریش لەلایەن خەڵکی دڵسۆز هاوکاری کراوین.»






# کاسیاس بووە ڕاهێنەر



ئیکەر کاسیاس وەرزی داهاتوو ناتوانێت لەگەڵ پۆرتۆ یاریی بکات، بەفەرمی دەبێتە بەشێک لە دەستەی ڕاهێنەرانی یانە پۆرتوگالییەکە.

دوو هەفتەیە ئیکەر کاسیاسی گۆڵپارێزی بەناوبانگی ئیسپانی پەیوەندی بە ڕاهێنانەکانی پۆرتۆ کردووە، بەڵام هێشتا تەندروستی کاسیاس یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی دەست بە یاریکردن بکاتەوە، بۆیە یانەی پۆرتۆی پۆرتوگالی لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا ڕایگەیاند، تاکو بە تەواوەتی لە نەخۆشییەکەی چاک دەبێتەوە و بۆ یاریکردن ئامادە دەبێت، کاسیاس دەبێتە بەشێک لە دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکە.

لە کۆتاییەکانی وەرزی ڕابردوو کاسیاس لە ڕاهێنانەکانی پۆرتۆ تووشی جەڵتەی دڵ بوو بەپەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە و لە یاریکردن دوورکەوتەوە.

ئیکەر کاسیاسی تەمەن ٣٨ ساڵ، پێشتر لەگەڵ تیپی تازەپێگەیشتووانی ڕال‌j مەدرید دەرکەوتووە و سەرجەم ئاستەکانی ئەو یانەیەی تاقیکردۆتەوە، بە جۆرێك ٧٢٥ یاری لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید ئەنجام داوە و ٢٦٤ کلین شیتی تۆمار کردووە و ٣ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەگەڵ ڕیال مەدرید بەدەستهێناوە.

دواتر لە هاوینی ٢٠١٥ بە گریانەوە ماڵئاوایی لە ڕیال مەدرید کرد و ڕوویکردە یانەی پۆرتۆ، لەگەڵ یانە پورتوگالییەکەش لە کۆی ١٥٦ یاری، ٧٤ کلین شیتی هەبووە.



# ناوی باشترینەکانی جیهان ئاشکرا کرا

سەرچاوەیەکی راگەیاندنی ئیسپانیا ٣ یاریزان بۆ بردنەوەی خەڵاتی تۆپی زێڕینی ئەم وەرزە دەستنیشان دەکات، سادیۆ مانێ سەنیگالی بەنزیکترین یاریزان بۆ بردنەوەی خەڵاتەکە دەستنیشان دەکات.
ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانیا، لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە سادیۆ مانێ هێرشبەری لیڤەرپوول تاکە یاریزانە، کە لەسەر بردنەوەی خەڵاتی تۆپی زێڕین رکابەری کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و لیۆنێل مێسی دەکات.
سەرچاوەکە جەختی لەوەش کردۆتەوە، کە بۆ بردنەوەی خەڵاتی تۆپی زێڕین ئاستی تاکە کەسی یاریزان زۆرلەبەرچاو دەگیردرێت، بەمەش کریستیانۆ، مێسی و مانێ پشکی شێریان بەردەکەوێت، بەوپێیەی هەر ٣ یاریزانەکە لەم وەرزە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بردنەوەی نازناوەکان بینیوە و ئاستێکی بەرزی تاکەکەسیان پێشکەش کردووە.
کریستیانۆ لە یەکەمین وەرزی لە خولی ئیتاڵیدا، لە کۆی ٣١ یاری، ٢١ گۆڵ و ٨ ئاسیستی کرد و نازناوی خولەکەی لەگەڵ یۆڤانتۆس بردەوە، لەگەڵ هەڵبژاردەکەشی بە یەك هاتریك پورتوگالی بۆ یاری کۆتایی پەڕاندەوە و نازناوەکەشیان بردەوە.
لیۆنێل مێسی کاپتنی بەرشلۆنە نازناوی خولی ئیسپانیای وەرزی ٢٠١٨ ـ ٢٠١٩ی بەدەستهێنا و بە ٣٦ گۆڵ بووە گۆڵکاری خولەکە، خەڵاتی گۆڵکاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و خەڵاتی پێڵاوی زێڕینی ئەوروپاشی بەدەستهێنا، لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەشی پلەی سێیەمی کۆپا ئەمریکای ٢٠١٩ی بردەوە.
سادیۆ مانێ هێرشبەری سەنیگالی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ یەکەمجار لەگەڵ لیڤەرپوول بەدەستهێنا، بە ٢٢ گۆڵیش هاوشانی سەلاح و ئۆبامیانگ بووە گۆڵکاری خولی ئینگلیزی، لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەشی گەیشتۆتە یاری کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا.



# گریزمان ستایشی میسی دەکات

ئانتوان گریزمان هێرشبەری نوێی یانەی بەرشلۆنە لە نوێترین دیمانەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە بۆ چێژوەرگرتن لە تۆپی پێ هاتۆتە بەرشلۆنە و گوتی: مێسی جیاوازە لە هەمووان و رەنگە ٣٠ ساڵ جارێك ئەستێرەیەکی وەك مێسی دووبارە بێتەوە، رەنگە بۆ هەتاهەتایەش هاوشێوەی لیۆ نەبینیوە.
ئانتوان گریزمان لە دیمانەیەکدا، کە لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرشلۆنە بڵاوبۆوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ڕووی ئاستی یاریکردن هیچ یانەیەك وەك بەرشلۆنە نییە، دەشڵێت: دڵنیام دەتوانم لە ناوە و دەرەوەی یاریگە چێژ لە بەرشلۆنە وەربگرم هاندەرانیش من باش دەناسن، دەزانن هەموو توانای خۆم بۆ خزمەتی تیپەکەم دەخەمە گەڕ.
گریزمان گوتیشی: بۆیە بەرشلۆنە هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی زۆرترین نازناو لەگەڵ ئەو یانەیە ببمەوە.
گریزمان دەشڵێت: مێسی وێنەی تۆپی پێیە، ئەو شتەی ئەو هەیەتی هیچ یاریزانێکی دیکە نییەتی و تەواو لە هەمووان جیاوازە.
گریزمان زیاتر دەڵێت: لەوجۆرە یاریزانانەم، کە دەتوانم لە کورترین ماوە خۆم لەگەڵ تیپە نوێیەکەم بگونجێنم، پێشتر لە ریال سوسیدادەوە ڕوومکردە ئەتلێتیکۆ مەدرید سەرەتا تووشی زەحمەتی بوومەوە تا خۆم لەگەڵ پلانەکانی دییگۆ سیمیۆنی گونجاند، دواتر لە پێکهاتەی سەرەکی ئەتلێتیکۆ مەدرید جێگیر بووم و تەواوی کاتەکانم بە ئاسوودەیی تێپەڕ کرد.
ئانتوان گریزمانی تەمەن ٢٨ ساڵ هەفتەی رابردوو بە فەرمی بە ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ لە ئەتلێتیکۆ مەدریدەوە ڕوویکردە بەرشلۆنە.
گریزمان لەگەڵ تیپی تازەپێگەیشتووانی ریال سوسیداد دەستی بە یاریکردن کردووە، لەگەڵ ئەو یانەیە سەرجەم ئاستەکانی تێپەڕ کرد، لەگەڵ ئەو یانەیە لە کۆی ٢٠٢ یاری ٥٢ گۆڵ و ١٨ ئاسیستی بۆ سوسیداد کرد، دواتر لە هاوینی ٢٠١٤ بە گرێبەستێکی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ ڕوویکردە ئەتلێتیکۆ مەدرید لەگەڵ ئەو یانەیە ٢٥٧ یاری کرد و ١٣٣ گۆڵ و ٥٠ ئاسیستی تۆمار کرد.